# دیدار لەگەڵ کاروان عومەر کاکەسوور



دیداری نەورۆز جەمال

کاروان کاکەسوور: زۆر جار نووسەری داهێنەر هەوڵدەدات پێش مێژوو بکەوێت

**نەورۆز جەمال**: دەبینین ستایلی نووسینتان گەڕانەوەیەکی ئەبەدی و بەردەوامە بۆ منداڵیی. دەتوانین پرسیاری ئەوە بکەین بۆ بەو شێوە چڕ و بەردەوامە منداڵیی لای ئێوە بەردەوامە؟

**کاروان عومەر کاکەسوور**: زۆر ئاسوودەم، کە دەڵێن گەڕانەوە بۆ منداڵیی و ناڵێن بۆ رابردوو، چونکە پێم وایە هەڵەیەکی گەورەیە کاتێ وادەزانین منداڵیی یەکسانە بە ڕابردوو. ئەگەرچی من گومانم لەو گەڕانەوەیەش هەیە. من دوو باوەڕی تەواو پێچەوانەی یەکترم هەیە. یەکێکیان ئەوەیە، کە منداڵیی تاکە قۆناغی تەمەنی ئێمەیە، واتە قۆناغێکی ئینفینیتییە و کۆتایی نایەت. ئەمەش مانای ئەوەیە قۆناغەکانی دیکە تەنها وەهمن. باوەڕی دووەمم ئەوەیە، کە منداڵیی خۆی وەهمێکە و کەسمان پێیدا تێناپەڕین. ڕاستییەکەی ئاسان نییە منداڵیی بخەینە ناو کاتێکی دیاریکراوەوە. منداڵیی لە دەرەوەی بازنەی زەمەنە، بۆیە ناتوانین پێی بگەین. هەر ئەمەشە چێژ و خولیای ئەو گەشتە ڕۆحییە بە ئەبەدی دەهێڵێتەوە و ناهێڵێت کۆتایی پێبێت. دەشێ ئەگەر سەد جار لێم بپرسن منداڵیی چییە، هەر سەد وەڵامەکەم لە یەکتر جیاواز بن، چونکە هیچ پێناسەیەک بۆ منداڵیی راست نییە، مەگەر بڵێین منداڵیی ئەو شتەیە، کە پێناسە ناکرێت، ئینجا پێناسەکەمان تەواو بێت. بیرتان نەچێت نووسین پرۆسەیەکی ڕواری (عفوی)یانەیە، بۆیە ڕەنگە نووسەر خۆی نەزانێت بۆچی بایەخ بە هەندێک شت دەدات و بە هەندێکی دیکەی نادات. ئەمە زیاتر کاری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەیە، بەڵام دەزانم منداڵیی لای من لە هەر شتێکی دیکە زیاتر ئامادەیە. ئەوەش دەزانم، کە من منداڵییەکی ئاسوودەم نەبووە. من بە ئەزموونی خۆشم ئەوەم بۆ دەرکەوتووە، کە منداڵیی دنیایەکی قووڵ و جەنجاڵە. تێڕوانینی منداڵ بۆ شتەکان هەرگیز تێڕوانینێکی ڕووکەشانە و یەکلایەنانە نییە. نەخێر، منداڵ بەپێچەوانەی گەورە بۆ هەر شتێک کۆمەڵێک لێکدانەوەی هەیە، چونکە منداڵ بە سرووشتی خۆی گومان لە هەموو شتێک دەکات. لای ئەو تێکەڵاوییەکی سەیر لەنێوان دنیای خەیاڵ و دنیای فاکتوالدا هەیە. بەلاتانەوە سەیر نەبێت ئەگەر بڵێم هەر کاتێک ویستبێتم لە چاوی منداڵێکەوە لە شتەکان بڕوانم، ئەوا دوور لە ویستی خۆم زیاتر لە لێکدانەوەیەکم بۆ ئەو شتانە کردووە و ئاڵۆزتر، ئەگەر نەڵێم قووڵتر ئەو خەیاڵانەم تێکستکردووە. ڕەنگە ئەمە وای لە من کردبێت پەنا بۆ چیرۆک و ڕۆمان ببەم، نەک بۆ شیعر، چونکە بە باوەڕی خۆم ئەو حاڵەتە زیاتر لە ئەدەبی

گێڕانەوەدا دەردەکەوێت، نەک لە شیعر. لێرەوە بەلامانەوە سەیر نابێت، کاتێک دەبینین ڕۆمان ئەوەندە لە بیۆگرافیا نزیکە، بەرادەیەک کەم ڕۆماننووس هەیە بەشێک لە منداڵیی خۆی نەگێڕابێتەوە، ئەوە باسی ئەوەش ناکەین، کە منداڵیی چەند کاریگەریی لەسەر سەرجەمی ڕۆماننووسان هەبووە. لێرە خاڵێکی گرینگ هەیە، کە ناکرێت بەسەریدا تێپەڕین، ئەویش ئەوەیە، کاتێ دەڵێین منداڵ مەبەستمان ئەو ئێنتیتە نییە، کە تەمەنی لەنێوان 0 _12 ساڵان دایە. نەخێر، لە ئەدەبدا منداڵ و منداڵیی هیچ پەیوەندییەکیان بە تەمەنەوە نییە. شتێک هەیە بەناوی گیانی منداڵیی، ئینجا ئەو گیانە دەشێتت لە دە ساڵییەکدا نەبێت و لە هەشتا ساڵییەکدا هەبێت. هەر لێرە دەمەوێ ئەوەش بڵێم، کە من هەست دەکەم کرداری گەڕانەوە (مەبەستم گەڕانەوەیە بۆ منداڵیی) ئەگەر لە گراماتیکش ڕاست بێت، ئەوە لەناو فەنتازیادا پرۆسێسەکە بەشێوەیەکی دیکەیە. مەبەستم ئەوەیە گەرانەوە نییە، بەڵکو داهێنانە، چونکە وەکو پێشتر گوتمان منداڵیی کاتێکی دیاریکراو نییە. ئینجا لەبەرئەوەی تاکە ڕێگا بۆ گەیشتن بە منداڵیی، تەنها فەنتازیایە، بۆیە خۆمان لە بەردەم کۆمەڵێک پرۆبلەماتیکدا دەبینینەوە، چونکە چەمکی فەنتازیا هەر خۆی هەڵگری کۆمەڵێک پرۆبلەماتیکی دیکەیە. ئایا منداڵیی زەمەنە یان شوێن؟ یاخود هەردووکیان پێکەوە؟ ئایا ئێمە هەموو جارێک وەکو یەک بۆی دەگەڕێینەوە؟ ئایا گەڕانەوەمان بۆ منداڵیی وەکو گەرانەوەمانە بۆ شارەکانمان؟ بۆیە پێم وایە داهێنان ڕاسترە، چونکە هەموو جارێک دەبێت بەشێوەیەکی دیکە دایبهێنیت. من دوای چاپکردنی کتێبی منداڵییم بەشێک لەو سەرنجانەم لا دروست بوو. زانیم، کە ئەو منداڵییەی من نە لەناو ئەو گەڕەکانە جێگیر دەبێت، کە ئەوسا تێیاندا ژیابووم و نە لەناو ئەو ساڵانەش، کە گوایە پێیاندا تێپەڕیوم. مەبەستمە بڵێم منداڵیی نەک هەر سنووری کات و شوێن دەبڕێت، بەڵکو تێکەڵی یادەوەریی کەسانی دیکەش دەبێت. وەکو ئەوەی هەموومان منداڵییەکی هاوبەشمان هەبێت. ئەگەر ڕێگام بدەن چەند نموونەیەکتان بۆ دەهێنمەوە. جارێکیان "ئیسماعیل حەمەئەمین" پێی وتم، کە دوای خوێندنەوەی بەرهەمەکانی من، وا هەست دەکات منداڵیی خۆی لە هەولێر بەسەربردووە، بەڵام ئەو هەولێرەش هیچی لەو شارە ناچێت، کە ئەو لە ڕاستییدا بینیویەتی. "هیوا قادر"ی هاوڕێم لە دوا نامەیدا بۆی نووسیوم، کاروان تۆ بیروەریی کەسانێک دەزانیت، کە ئەوان نە خۆیان دەیزانن و نە ئەوەندەش بەلایانەوە گرنگە. بۆ ڕاستیی قسەکەی "هیوا قادر"ی شاعیر، جارێکیان لە هەولێر پیاوێک پێی وتم: "بمزانیبوایە ژیانی من بەو شێوەیە گرنگە و دەبێتە ئەو چیرۆکانەی، کە تۆ دەیانگێڕیتەوە، ڕازیی نەدەبووم کەس بە چاوی سووک سەیرم بکات". بۆ زانینتان ئەو پیاوە لە کتێبی منداڵییمدا بە چاکە ناوی نەهاتووە. کاک "ڕزگار شێخانی"ی وەرگێڕ دوای ئەوەی کتێبی منداڵییمی خوێندۆتەوە، ماوەیەک هیچ ئاگای لەم دنیایەی ئێستا نەماوە و بەڕاستی بۆ هەولێر و بۆ منداڵیی گەڕاوەتەوە. ماڵی کچێکی چواردە پانزدە ساڵان بە خوشکێکمیان وتبوو ژمارەی تەلەفۆنەکەی منیان بدەنێ، بۆئەوەی تەلەفۆنم بۆ بکەن، چونکە ئەو کچەیان بەشێوەیەک چووەتە ناو ئەو دنیایەوە، کە وایزانیوە ڕاستییە، بۆیە دەیەوێت بزانێت ئاخۆ من گەورەم، یان هەر منداڵەکەی جارانم. ئایا جێگای سەرنج نییە، کە کچێک بیست ساڵ زیاتر لە من بچووکترە، ئەو منداڵییە بە هی خۆی دەزانێت؟

**نەورۆز جەمال**: چیرۆک و ڕۆمان چۆن و لە چ ئاستێک دەتوانن بە مەبەستی گێڕانەوە ئیش لەناو مێژوودا بکەن. ئایا ئەدەبی ئێمە توانیویەتی لە ئاستی دەستەڵاتی مێژوودا جۆرێک پرسیاری جیاوازی هەبێت؟

**کاروان عومەر کاکەسوور**: ئەوەندە نابێت وەڵامی پرسیارێکی نزیک لەمەم داوەتەوە. دەتوانم بڵێم پرسیارەکەتان تەواوکەری ئەو پرسیارەیە، بۆیە دەبێت وەڵامەکەی منیش تەواوکەری ئەو وەڵامەم بێت. پرسیار لەبارەی

پێوەندیی نێوان گێڕانەوە و مێژوو تەواو نابێت، چونکە مێژوو گرنگترین ماددەی چیرۆک و ڕۆمانە. لێرە دەبێت جیاوازی لەنێوان مێژوو و زانستی مێژوودا بکەین. واتە جیاوازی لەنێوان مێژوو وەکو ماددەیەکی خاو لەگەڵ مێژوو وەکو ئەوەی زانست سنووورداری کردووە. بە ڕای من نووسەری ئەدەبی، بەتایبەتی چیرۆکنووس و ڕۆماننووس ئیش لەسەر ئەوەی یەکەمیان دەکات. بەداخەوە نووسەری ئێمە، کە بە سرووشتی خۆی حەزی لە پاڵەوانبازێتییە، زیاتر ئیشی بە دووەمیان کردووە. پۆل ڕیکۆر جیاوازیی لەنێوان زمانە سرووشتییەکان و زمانە دەستکردەکاندا دەکات. واتە زمانە سرووشتییەکان هێشتا زانست دەستی بەسەردا نەگرتوون و فرەڕەهەندن، هەرچی زمانە دەستکردەکانن زانست ئەو ڕەهەندانەی لێسەندوون و یەک مانای دیاریکراوی پێ بەخشیون. بە مەش هەر وشەیەک لە فرەدەنگییەوە بۆ تاکدەنگی دەگۆڕێت. مەبەستی "ڕیکۆر" لە زمان، زمانی ناشیۆنە جیاوازەکان نییە، بەڵکو ئەو ئاخافتنانەن، کە کەسەکان لەناو چوارچێوەی یەک کولتوردا بەکاریاندەهێنن. لێرەدا جۆرێک پێشبڕکێ، یاخود با بڵێین جۆرێک کێشمەکێش لەنێوان داهێنانی ئەدەبی و داهێنانی زانستییدا دێتە کایەوە، بەوەی هەر یەکەیان دەیەوێت بە شێوازی خۆی ئەو ماددە خاوە بەکاربهێنێت، بگرە زۆر جار نووسەری داهێنەر هەوڵ دەدات پێش مێژووش بکەوێت. واتە هەوڵ دەدات هەر خۆی ماددە خاوەکەش لە عەدەمەوە، یان لە هیچی نەبووەوە خەڵق بکات. ئەمە یەکێک بووە لە خولیای سیریالییەکان.

گەڕانەوەی ئێمە بۆ ناو مێژوو زۆر جار گەڕانەوەیەکی نۆستالۆژییانەیە، گەڕانەوەیەکە پڕە لە سۆز و میهرەبانی، بۆیە ناتوانین مێژوویەکی جیاواز لەو مێژووە ڕەسمییە بخوڵقێنین. ئەو گەڕانەوەیە هەڵگری چاوێکە، کە هەموو ڕابردوو بە پیرۆز دەبینێت، بگرە زۆر جار ئەو نووسەرە هەر خودی نووسین بە شتێکی گڵاو دەزانێت و ڕێگای نادات بەبێ پاککردنەوە لە گومان و پرسیارە بەدەکان بچێتە ناو هەندێک زۆنەوە، کە لای ئەو پیرۆزن و بە تابوو دادەنرێن. ئەو تەماهیکردنە لەگەڵ مێژوو ئەدەبی نووسراوی ئێمەی کردۆتە پاشکۆی ئەدەبی زارەکی. ئەمەش بەردەوام ڕێگر بووە لەبەردەم تێکشکاندنی شێوازە ستاندارەکان و نوێکردنەوەی زمان و فراوانکردنی ڕووبەرەکانی فانتازیا. لێرەدا نموونە هێنانەوە زۆر ئاسانە. ئێوە بڕوانن ئەو چیرۆکانەی خەڵک لەبارەی ئەنفالەوە دەیانگێڕنەوە هەمان ئەو چیرۆک و ڕۆمانانەن، کە نووسەرانی ئێمە نووسیویانە. باشتریش وایە بڵێین نووسیویانەتەوە. دەکرێت میتۆدی چیرۆکنووس و ڕۆماننوس، کە کەرەستەی سەرەکییان گێڕانەوەیە لە هەندێ کاتدا لە میتۆدی مێژوونووس نزیک بێتەوە، بەڵام هێشتا جیاوازییەکی گەورە لە ئارادا دەمێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە، کە ڕۆماننووس و چیرۆکنووس لەو وردەکارییانە دەگەڕێن، کە مێژوونووس بەهۆی سرووشتی کارەکەی ئیشی پێیان نابێت. ئەگەر ڕێگام بدەن من نموونەیەکتان بۆ دەهێنمەوە. زۆربەمان دەزانین ئەو ئاگرە بەناوبانگەی نیوەی لەندەنی سووتاند، ساڵی 1666 بوو و دوای پێنج ڕۆژ ئینجا توانیان بیکوژێننەوە، بەڵام کەم کەس دەزانێت هۆی ئەو ئاگرە نانەوایەکی بێ ناو و دەنگ بوو. بیری چووبوو تەندوورەکەی بکوژێنێتەوە. مێژوونووس باسی سەردەمی ئەو ئاگرە دەکات، بەڵام لای چیرۆکنووس و ڕۆماننووس ئەو نانەوایە دەبێتە جێگای بایەخ، کە مێژوونووس خستوویەتیە پەراوێزەوە. ئینجا لەبەر ئەوەی هیچ لەبارەی ژیانیەوە نازانێت، ئەوا دەبێت لە ڕێگای خەیاڵ و فەنتازیاوە دروستی بکاتەوە. هەمان شت بۆ کارەساتەکانی لای خۆمان ڕاستە. بەڕای من ئەدەبی گێڕانەوە کار بە لۆژیکی ئایۆنی دەکات، نەک بە لۆژیکی کرۆنۆلۆژی، چونکە ئەوەی دووەمیان ناچارمان دەکات مێژوو وەکو زنجیرەیەک ڕووداوی یەک بەدوای یەک بخوێنینەوە، بەڵام لە یەکەمیاندا سەربەستین چۆن کارەکتەرەکانمان لەناو کاتە جیاوازەکاندا هەڵسووڕێنین.

بەلامانەوە سەیر نییە، کاتێ دەبینین ئەو چیرۆکنووسەی مێژووی وەکو خۆی نووسیوەتە، هەر ئەویشە نەیتوانیوە هیچ شێوازێکی هونەریی نوێ دابهێنێت. بە کورتی کاتێک ئیش بە لۆژیکی کرۆنۆلۆژی دەکەین، هەمان زمانی مێژوو بەکاردەهێنینەوە، ئەوە لە کاتێکدا هونەری نووسین بەسەرماندا دەسەپەنێت زمانێک بۆ

ئەو زمانە دابهێنین. بەبێ ئەوەش پرۆسیسی نووسین ناتوانێت بەردەوام بێت. من پێم وایە نووسەری ئەدەبی لەپێش هەر کەسێکی دیکە دەزانێت، کە مێژوو لەگەڵ ئەو هەموو زۆربڵێییەی خۆی، گیانەوەرێکی لاڵە.

**نەورۆز جەمال**: چۆن ناوی کارەکتەر و چیرۆک و ڕۆمانەکانتان هەڵدەبژێرن؟ بە رای ئێوە ناو دەتوانێت ئاقاری کۆتایی چیرۆکەکە بگۆڕێت، یان پرۆسەی ناونان پەیوەندیی دیالێکتیکی لەگەل ڕووداو و بابەت و دواجار کۆی چیرۆکەکەدا دروست دەکات؟

**کاروان عومەر کاکەسوور**: دیارە ناو و ناونیشان کۆمەڵێک ئەرکیان هەیە، کە دەتوانم بڵێم گرینگترین ئەرکیان ئەوەیە جۆرێک لە بەراوردکردن و جیاکاری لەنێوان دنیای ڕیال و دنیای خەیاڵدا بێننە گۆڕێ. ناو لە کارەکتەر دەندرێت و ناونیشانیش بۆ بابەت دادەندرێت. بمانەوێت و نەمانەوێت جیاوازییەک لەنێوان ئەو دوانەدا هەیە. ئەگەر لە ڕووی زەمەنی خوێندنەوەوە لێیان بروانین، نەک لە ڕووی زەمەنی نووسینەوە، ئەوا دەبینین ناونیشانی تێکست زووتر لە ناوی کارەکتەر کۆنتاکت لەگەڵ خوێنەردا دەکات، بەڵام هەمیشە تێکست و ناونیشانمان لە ڕێگای ناوی کارەکتەرەکانەوە بیر دەکەوێتەوە. چ ناو و چ ناونیشانیش دەتوانن سەربەخۆیی تێکست لە ئاشکرابوون و ڕوونبوونەوە بپاریزن، کە ئەمەیان دەکرێت وەکو ئاستێکی جوانکارییش سەیری بکەین. لە کاتێکدا تەکنەلۆژیا لە هەوڵی ئەوە دایە هەموو لوغز و نهێنییەکانی ژیان ئاشکرا بکات، نووسەر ناچارە ئەو دەروازە گرنگە، کە پێی دەوترێت ناونیشان بە هەند هەڵبگرێت. ئەمڕۆ Titrologie واتە زانستی ناونیشان، یاخود ناونیشانناسی لە بواری ئەدەب و هونەری شێوەکاری و بگرە لە هونەری فۆتۆگرافیشدا بایەخێکی گرینگی هەیە. چەمکی تایترۆلۆگی لای "لۆسیان گۆڵدمان" و "جیرار جێنێت" وەکو بەشێکی گرینگ لە بواری سیمۆتیکا و زانستی گێڕانەوەدا دەکەوێتە بەرچاو. ناونیشان ئەوەندەی پەیوەندیی بە دنیای بیستنەوە هەیە، دوو ئەوەندەش بە دنیای بینینەوە. ناونیشانی ڕۆمانەکانی "بەختیار عەلی" لەپێش خوێندنەوەی تێکستەکان کۆمەڵێک ساینفێکشنی وەک زمان و سیمبۆلمان بەدەستەوە دەدەن. "کەوتنە خوارەوەی گورگێک"ی "ئیسماعیل حەمە ئەمین" تێکەڵکردنێکی جوانە لەنێوان فیزیکا و میتافیزیکادا. ئەمە پێش ئەوەی لاپەڕەیەک لە ڕۆمانەکە بخوێنیتەوە. من خۆم تا تێکستەکە تەواو دەکەم، چەند جارێک ناونیشان دەگۆڕم. زۆر پێم خۆشە ساینفێکشنەکانی ناونیشان لە کونوکەلەبەرەکاندا بشارمەوە. دەمێنێتەوە قسە لەسەر ناوی کارەکتەر بکەین، کە بە بڕوای من هێندەی ناونیشان گرنگیی خۆی هەیە. هەتا چەند ساڵێک لەمەوبەر دەبووایە ناوی پاڵەوان و ماناکەی پەیوەندییەکی دۆستانەیان هەبێت. بۆ نموونە "شۆڕش" دەبووایە شۆڕشگێڕ بێت. 'نەبەز' خۆڕاگر بێت. "بەختیار" ئاسوودە بێت. لە لایەکی دیکە ئەو کارەکتەرەی ڕۆڵی خراپی پێ دەدرا، هاوکات ناوێکی ناخۆش و ڕەزاگرانیشی لێدەنرا. دەتوانم بڵێم ئەو تێگەیشتنە ئەگەر ئێستا بەتەواویش کۆتایی پێنەهاتبێت، ئەوا زۆر کەم بووەتەوە. ساڵی 92 لە کەمپ منداڵێکی کوردم بینی ناوی ئەنفال بوو. هەر ڕێک لە سەردەمی ئەنفالەکانیش لە دایک بووبوو. کچی یەکێک لەو خێزانە کوردانە بوو، کە ڕژێمەکەی "سەدام حسێن" لە سەرەتای شەڕی قادسیە لە بەغدا دەریکردن و لەودیوی سنووری فڕێدان. نەدەکرا نەپرسم بۆچی دایک و باوکێکی کورد ناو لە کچەکەی خۆیان دەنێن ئەنفال؟ باوکەکە زۆر بە شانازییەوە وتی ناوی سورەتێکی قورئانی پیرۆزە و لەگەڵ 'ئەنعام'ی خوشکی ڕێکیخستووە، کە ئەویش هەر ناوی سوورەتێکی دیکەی قورئانە. هەندێک لە کوردەکان بە چاوی ڕقەوە لەو منداڵەیان دەڕوانی. من لەو کاتەوە زیاتر لە جارێک ناوم لە کارەکتەرەکانم ناوە ئەنفال، بەڵام نەک بەو مەبەستەی مادام کەسەکە هەڵگری ئەو ناوەیە، دەبێت خراپ بێت، نەخێر تەنها وەکو نیشاندانی جۆرێک لە پارادۆکس. هەر خوێنەرێک ئەو ناوەی بکەوێتە بەرچاو، خێرا کۆمەڵێک شت بە خەیاڵیدا دێت، لە

کاتێکدا تۆ هیچ یەکێک لەو شتانەت مەبەست نییە. ئەمەش گەمەیەکە، کە هەموو نووسەرێکی هۆشیار دەیەوێت لەگەڵ خوێنەری بکات. لە دواناوەندیی ڕزگاریی کوران کوڕێکمان لەگەڵ بوو ناوی "سەدام حسێن مەجید" بوو. لە یەکێک لە خۆپیشاندانەکان گیرا. شاعیری فەرەنسی "بەرنار نوێل" لە شیعرێکیدا دەڵێت" ئەگەر لەناوی خۆمدا بوونم هەبووایە، ناوم مانای نەدەبەخشی". بەهەر حاڵ من پێم وایە دەبێت ناویش وەکو زۆر رەگەزی دیکەی چیرۆک و ڕۆمان، هەندێک پرسیار بورژێنێت، نەک بەشداریی لە ئاسانکردنەوە و ڕوونکردنەوەی تێکستەکەدا بکات. زیاترین وشە، کە لە هەر چیرۆکێکدا بەکاربێت، ناوی کارەکتەرە، بۆیە ئەگەر وەکو قەوارەش لێی بروانین، ئەوە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین، کە ئەو وشانە، ئەگەر ئەرکیان نەبێت، وەکو بۆشاییەکی پاسیڤ لەناو تێکستەکە دەردەکەون. هەندێک جار نووسەر بە مەبەستی دەمامک ناو هەڵدەبژێریت، بۆئەوەی لە ڕێگای ئەو ناوەوە ئازادییەکی زیاتر بەدەستبهێنێت و کۆنترۆڵەکان لەسەر خۆی لابەرێت. بۆئەوەی ئارەزووە نێرگزییەکانی تێر بکات. ڕێک وەکو هونەری نواندن. 'هێنری فۆندا'ی ئەکتەری جیهانی گوتەیەکی بەناوبانگی هەیە. ئەو دەڵێ: "منێکی لاو کاتێ بوومە ئەکتەر، هەستم کرد دەتوانم خۆم لەو شەرمە دەرباز بکەم و وابزانم کەسێکی دیکەم".

**نەورۆز جەمال:** ئێستا کۆمەڵێک چیرۆکنووسی گەنج لێرە و لەوێ دەرکەوتوون. پێتان وایە ئەوانە دەتوانن چیرۆکی کوردی لەو قەیرانە دەربهێنن، کە لە ڕابردوو و ئێستادا تێیدا ژیاوە؟ مەبەستمان قەیرانی لاوازیی زمان و نەبوونی بابەت و تەکنیکی سواو و ڕووداوی بێهێزە.

**کاروان عومەر کاکەسوور:** نازانم بۆچی زۆر لەو جۆرە پرسیارانە دەترسم. ڕاستییەکەی هەڵسەنگاندنی کار و بەرهەمی هاوپیشەکانی خۆت لە لایەک قورسە و لە لایەکی دیکە بتەوێت و نەتەوێت لای خوێنەر وا دەکەوێتەوە، کە مەبەستتە پێیان بڵێیت من لەسەرووی هەموو کەموکوڕییەکانم. لە ناوەندێکدا، کە رەخنە نەبێت، یاخود لاواز بێت، ئەوە زۆر پرسیار بەناچاری ڕووبەڕووی نووسەر و هونەرمەند دەکرێنەوە، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان هی خۆیان نیین. سەرەتا دەمەوێ من پێتان بڵێم، کە خودی نووسین خۆی قەیرانێکی گەورەیە. هەموو جووڵەیەکی داهێنان هاوکاتە لەگەڵ خولقاندنی کۆمەڵێک قەیران، بگرە هەتا ڕیسکەکانی نووسین گەورەتر بن، قەیرانەکانیش گەورەتر دەبن، هەر ئەمەشە دەهێڵێت پرۆسێسی نووسین لای نووسەر بەردەوام بێت. من هەست ناکەم کێشەی ئێمە بوونی قەیرانە و باوەڕیش ناکەم ئیشی نووسەر چارەسەرکردنی قەیران بێت. لە ڕەخنەشدا میتۆدێک هەیە ئیش لەسەر خوێندنەوەی پرۆبلەماتیکەکان دەکات، ئەویش بە مەبەستی دۆزینەوەی نهێنییەکان و جیاکردنەوەی ئاستەکان، نەک بۆ سنووربەندکردنی کێشەکان. لەگەڵتان دام، ئەمڕۆ تا چیرۆکێکی باشت دەستدەکەوێت، سەدی لاواز بەڕێدەکەیت. ئەگەر وەکو مەسەلەیەکی ماتماتیکی لێی بروانین، ئەوە دەبینین لە ڕابردوو چیرۆکنووسی باشترمان زیاتر هەبوو. بۆ نموونە هەتا کۆتاییی هەشتاکانیش ژمارەی چیرۆکنووسان نەدەگەیشتە بیست کەس، بەڵام دەتوانم بڵێم حەوت تا دە چیرۆکنووسی باشمان هەبوو، بەڵام ئەمڕۆ ژمارەکە دە جار بەقەدەر ئەو کاتەیە و ژمارەی چیرۆکنووسە باشەکانیش ناگاتە دە چیرۆکنووس. کەواتە ڕێژەکە لە هەشتاکان گەورەتر بووە لەوەی ئێستا. بەڵام نابێت ئەو هەموو گۆڕانکارییە خێرایەمان لە بیر بچێت، کە ئەم حەڤدە ساڵەی دوایی لەسەر ئاستی کوردستان و دنیادا دەرکەوتوون. هەتا کۆتاییی هەشتاکانیش واقیعێکی مەیلەو چەسپاوت هەبوو، نووسەر وێنەیەکی نزیکی کۆمەڵگاکەی خۆی لە خەیاڵدا بوو، بەڵام ئەمڕۆ کۆمەڵگا سیمایەکی ئەلیکترۆنیی بە خۆیەوە گرتووە و ئاسان نییە وەکو جاران بیهێنیتە بەرچاو. دەتوانم بڵێم هەتا هەشتاکانیش کات و شوێن کاریگەرییەکی زۆر گەورەیان

لەسەر ئێمە نەبوو، بەڵام لە نەوەدەوە هەموو سیماکان گۆڕان و بەردەوامیش دەگۆڕێن. دیارە وەکو "ماکس ڤیبەر" ڕاڤەی دەکات، هەر ئەو گۆڕانکارییانەشن سنوورەکانی ژیان و مەرگ دیاری دەکەن. ئەو دوانەش گرنگترین ماددەی نووسینن. ئێستا نووسەر ئەسوسیەیشنی بۆ کات و شوێن نەماوە، بۆیە ئاسان نییە تەعبیر لە گیانی سەردەمەکەی بکات. ئایا ماوەی نێوان ساڵی حەفتا هەتا ساڵی هەشتا ئەوەندەی ماوەی نێوان ساڵی نەوەد هەتا دووهەزارە؟ هەر کەسێک لە نەوەی من وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، دەڵێت یەکەمیان چوار ئەوەندەی دووەمیانە. هەر بەهەمان شێوەش ماوەی نێوان نەوەد هەتا دووهەزار لایەنی کەم شەش ئەوەندەی ماوەی نێوان دووهەزار تا دووهەزار و دە دەبێت. ئەو خێراییە تەنها دنیای واقیع ناگۆڕێت، بەڵکو ئەو دنیایەش دەشێوێنێت، کە تۆ لە ڕێگای خەیاڵ و فەنتازیاوە دروستی دەکەیت. ئەرکی نووسەری ئەمڕۆ زۆر قورسترە لەوەی دوێنێ، چونکە ناچارە واقیعێکی ئەوەندە گەورە و ئاڵۆز دروست بکات، کە گۆڕانەکان بەئاسانی تێکینەشکێنن. ئەمە تەنها پەیوەندیی بە کوردستانەوە نییە، بەڵکو دەرەوەی ئێمەشی گرتۆتەوە. نابینن زوو زوو گلەیی لە ئەکادیمیای سوید دەکرێت، گوایە ئەو چەند ساڵەی دوایی خەڵات دەداتە نووسەری زۆر ئاسایی؟ بەڵام هەموو ئەمانە ناتوانن ببنە بەهانە بۆ کزیی داهێنان. ڕاستییەکەی شتێک نییە بەناوی ڕووداوی لاواز و ڕووداوی تۆکمە وەکو لە بەشێکی پرسیارەکەتاندا هاتووە، بەڵکو ئەوە بینینی نووسەرە ئەو ڕووداوە ئاوا نیشان دەدات. هەر لێرەشەوە زمان دەخوڵقێت. واتە کاتێک بینینمان نییە، زمانیشمان نییە، ڕووداوی سەرسوڕهێنەریشمان نییە، جوانکاریی و تەکنیکیشمان نییە. بۆیە من پێم وایە هەموو لاوازییەکانی ڕووداو و بابەت و ڕووداو و تەکنیک بۆ مەسەلەی نەبوونی بینین و زمان دەگەڕێنەوە. ئاسان نییە لە بواری داهێنانی ئەدەبی و هونەرییدا پێشبینی بکەیت. ئەمە بۆیە دەڵێم، چونکە ئێوە دەپرسن، ئاخۆ چیرۆکنووسانی ئەمڕۆ دەتوانن ئەم دۆخەی ئێستا بگۆڕن. ئێوە بروانن لە هەموو بوارەکاندا هەندێک یاسا و پێوەری جێگیر هەن، بەڵام پێوەری ئەدەب و هونەر تەنها خەیاڵە. بڕۆن بۆ پۆلێکی قوتابخانە و بپرسن، ئاخۆ کێ لە ئایندە دەبێتە نووسەر، ئەوە خێرا ناوی قوتابییە زیرەکەکانت پێ دەڵێن، کەچی واقیع ئەوەی دەرخستووە، کە بەزۆری تەمبەڵەکانی قوتابخانەن لە بواری ئەدەب و هونەردا بوونەتە داهێنەر. زۆر جار نووسینی ئەکادیمی، کە سەرچاوەکەی قوتابخانەیە، ناتوانێت نووسەری داهێنەر و نووسەری ئاسایی لەیەکتر جیا بکاتەوە. بەوە باشە من ئەکادیمی نیم و باوەڕم وایە بەشێک لەو دەنگانەی ئەمڕۆ و بەشێکی دیکەش لەو دەنگانەی تا ئێستا دەرنەکەوتوون، داهێنانی لەوەی ئەمڕۆ گەورەتر بکەن.

**نەورۆز جەمال:** دواجار ئەگەر بکرێت لەبارەی نوێترین بەرهەمی خۆتان زانیاییەک بە ئێمە و خوێنەران ڕابگەیەنن.

**کاروان عومەر کاکەسوور:** ساڵی پار لەگەڵ دوارۆژی کوڕم ڕۆمانێکمان بەهاوبەشی نووسیوە و تا ئێستا چەند هاورێیەکی نووسەر و ئەدەبدۆستم خوێندویانەتەوە. لەپاڵ ئەم ڕۆمانەدا کۆمەڵە چیرۆکێکم بۆ چاپ ئامادەیە، کە ڕۆمانێکی کورتیشی لەگەڵدایە. هەروەها کۆمەڵە چیرۆکێکی دیکەم هەیە، بەڵام دەبێت جارێکی دیکە پاکنووسی بکەمەوە. بیست کتێبی مندالآنم لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوە. ئەمەیان بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزییە. تێکستە ئینگلیزییەکەم لەبەرانبەر تێکستە کوردییەکەدا نووسیوەتەوە، بۆئەوەی منداڵ بەئاسانی فێری ئینگلیزی ببێت. دەتوانم بڵێم وەرگێڕان و ئامادەکردنە. ڕاستییەکەی بیست چیرۆکی هەتا بڵێی جوانن. منداڵ، بگرە گەورەش نەک هەر فێری ئینگلیزی دەکەن، بەڵکو زۆر چێژیشی پێدەبەخشن. چاوەڕێ دەکەم مافی چاپکردن لە نووسەرەکە وەربگرم و لە کوردستان بڵاویان بکەمەوە. هەروەها فەرهەنگێکی (ئینگلیزی _

کوردی)شم هەر بۆ منداڵان ئامادە کردووە، کە لە ڕێگای وێنەوە منداڵ فێری ئینگلیزی دەکات. ئەمەیان بۆ منداڵی دانیمارکی ئامادە کراوە و من لە شوێنی وشە دانیمارکییەکە وشەی کوردییم داناوە. هەروەها چەند چیرۆکێکی منداڵانیشم هەر بەهاوبەشی لەگەڵ "دوارۆژ"دا کردۆتە کوردی. هەندێک وتار و لێکۆڵینەوەشم هەیە. ئەگەرچی من نامەوێ بێجگە لە بواری چیرۆک و ڕۆمان و بیۆگرافیا، لە هیچ بوارێکی دیکە چالاک بم. باوەڕتان بێت زۆر لە گفتوگۆکانیش دەترسم.